# رۆڵی زانستیی كورد له كتێبی مسالك الابصار ی ابن فضل الله العمری

پ. ی. د. حكیم احمد مام بكر
زانكۆی صلاح الدین –هەولێر
كۆلیژی ئەدەبیات

م.د. همزه كاكه یاسین
زانكۆی جیهان

( مستل )

## پێشەكی

كتێبی (مسالك الابصار في ممالك الامصار)ی ابن فضل الله العمری بە یەكێك لە گرنگترین سەرچاوەكانی سەدەی هەشتەمی كۆچی /چواردەمی زایینی دادەنرێت كە زۆرترین و وردترین زانیاری لەسەر كورد و ڕۆڵی مێژوویی و شارستانیەتنی كوردی لەخۆ گرتبێت ،جا چ باسكردنەكە لەسەر ئاستی ڕۆڵی تاكە كەس بێت یا لەسەر ئاستی كۆمەڵ و تیرە و هۆزو میرنشینە كوردییەكان ، لەلایەكی تریشەوە دەكرێت بڵێین كە دانەری ئەم كتێبە (مەوسوعیە)یەكەم كەسە كە لەماوەی دەسەڵاتداریەتی مەمالیك ژیابێت و بەم چەشنە ڕۆڵ و پێگەی كوردی خستبێتە ڕوو و ڕوپێوی ژمارەیەكی دیاری لە تیرە و هۆزو بنەماڵە دەسەڵاتدارەكانی ناوەو دەرەوەی كوردستانی كردبێت ؛ ئەوە جگە لەوەی (العمری) بەوە جیا دەكرێتەوە كە وردبینی زۆری لەتۆماری ڕووداوەكاندا كردووە.

لەم پێودانگەوە ئەم لێكۆڵینەوەیە تایبەت كراوە بە رولی زانستی كورد لە بوارە جیاوازەكاندا هەر وەك لەكتێبی(مسالك الابصار في ممالك الامصار)ی ابن فضل الله العمری دا هاتووە ، ئەم توێژینەوەیە ، لە دوو تەوەرەی سەرەكی پێك هاتووە، لەتەوەری یەكەمدا تیشك خراوەتە سەر چەند لایەنێكی ژیانی دانەر و پێگەیشتنی و گرنگترین بەرهەمەكانی ، وێڕای پێگەی بنەماڵەكەی لەدەسەلاتی مەمالیكدا، هەروەها پێناسەیەكی كورتیش بۆ كتێبەكەی و گرنگیەكەی كراوە.

هەرچی تەوەرەی دووەمیشە كە كرۆكی لێكۆڵینەوەكەیە ، ئەوا تەرخان كراوە بۆ خستنە ڕووی رولی زانایانی كورد لە زانستە جیا جیاكاندا كە **ابن فضل** الله العمری لە كتێبە ناوازەكەیدا ناوی هێناون ، بە تایبەتی لە زانستە ئایینیەكانی وەك زانستی فەرمووده و فقه كە كوردەكان زیاتر تێیاندا هەڵكەوتوون ، هەروەها زمان و ئەدەب و وتاربێژی تیشكیان خراوەتە سەر، ئەوە جگە لەوەی ڕۆڵی چەند كەسایەتیكی كورد لە بوارەكانی فەلسەفە و پزیشكی و موسیقا هەڵسەنگێنراوە و لە كتێبەكەدا تیشكیان خراوەتە سەر،دیارە لەمیانەی باسەكەشدا ئەم زانیاریە مێژوویانەی كە لە كتێبی (مسالك الابصار) دا هاتوون ، بەراورد كراون لەگەڵ سەرچاوە مێژووییەكانی تر و هەڵسەنگاندن وشیكردنەوەیەكی زانستیانەشی بۆ كراوە ، لەكۆتاییشدا گرنگترین ئەم ئەنجامانەی پێیگەیشتووین لە چەند خاڵێكدا كورت كراونەتەوە .

**تەوەرەی یەكەم : لەدایكبوون و پێگەیشتنی ابن فضل الله**

**یەكەم : ناو و نازناوی :**

ناوی تەواوی احمد بن يحيى[1] بن فضل الله[2] بن المجلي[3] ابن دعجان[4] بن خلف بن ابي الفضل نصر بن منصور[5] بن عبيدالله بن عدي بن محمد بن ابي بكر عبد الله بن عبيد الله بن ابي بكربن عبيد الله الصالح[6] بن ابي سلمة عبدالله بن عبيدالله بن عبدالله بن عمر بن الخطاب[7] ، به (ابو العباس ناسرا )بوو [8]، (شهاب الدين)[9]یش نازناوی بووە ، جگە لەوەی بە (الكرمانی)[10] و زۆرجاریش به (الدمشقی) و تەنانەت به (العمری) [11]ش بانگ كراوە ،چونكە ڕەچەڵەكی بنەماڵەكەیان بۆ خەلیفە عمری بن خطاب دەگەڕێتەوە [12] .

**دووەم : لەدایكبوون وپێگەیشتنی :**

بەشێكی زۆری سەرچاوەكان ئاماژەیان بەوە كردووە، كە ابن فضل الله العمری له ساڵی(٧٠٠ك /١٣٠١ز) لەشاری دمشق له دایك بووە [13]، بەڵام بۆچوونی جیاوازیش دەربارەی ساڵی له دایكبوونی هەیە ، هەندێك پێیان وایە ابن فضل الله له ساڵی(٦٩٧ك/ ١٢٩٧ز) له دمشق له دایك بووە [14]، هەرچەندە الصفدی له پێشەوەی ئەوانەوە دێت كه پێی وایە ابن فضل الله له ساڵی (٧٠٠ك/ ١٣٠٠ز) له دایكبووە ، بەڵام له كۆتاییدا لەو بۆچوونەی خۆی پاشگەز دەبێتەوە و دەنووسێت ڕاستی ساڵی له دایكبوونی ( ٧٠١ك ی/١٣٠١ز)یە، كه دەڵێت (( والظاهر ان مولده سنة احدى وسبعمائة ))[15] .دوای له دایكبوونی خانەوادەكەی بۆ مصر كۆچ دەكەن و له ناوچەی (البرسل)[16]ی خواروو نیشتەجێ دەبن ، ئیتر لەوێدا گەورە بووەو پێگەیشتوەو وفێری زانست و زانیاری بووە ، له نێو خانەوادەیەكی ئەدەب دۆست و ڕۆشنبیر پەروەردە بووە ، زۆربەی ئەندامانی خێزانەكەی له پۆستە كارگێڕییەكانی دەوڵەت كار بەدەست بوون و پۆستی باڵایان هەبووە [17]، بێگومان ئەو ژینگەیەی كه ابن فضل لله ی تێدا پەروەردە بوو، كاریگەری زۆری لەسەری هەبووە ، كه ئەویش وەك ئەندامەكانی تری خێزانەكەی لەو زانستانه بەهرەمەندبێت كه بنەماڵكەی پێی ئاشنابوون ، بەتایبەتی كەخانەوادەكەی سەدەیەك زیاتر دیوانی (انشاء) یان بەڕێوە دەبرد ، له دیارترینیان :

١ـ محمد شهاب الدين عبد الوهاب بن فضل الله بن مجلى بن دعجان العدوى العمرى ، لەسالی (٦٢٣ ك /١٢٢٦ز) له دایكبووە و پاشان پۆستی (كاتب السر)ی[18] له دمشق وەرگرت و خزمەتی سوڵتانی مەمالیك (ناصر محمد قلاوون)[19]ی كرد ، تا سالی( ٧١٧ ك / ١٣١٧ز)كۆچی دوایی كرد ، ئەو یەكێك بووە له نووسەرە چاكەكان و زۆریش لێهاتوو بووە[20] .

٢ـ محى الدين يحيى بن فضل الله ی باوكی له ساڵی( ٦٤٥ك /١٢٤٨ز) له دایك بووە [21] ، و یەكێك بووە له ڕووناكبیرو ڕۆشنبیر و زانایانی دەوڵەتی مەمالیك و لەگەڵ زۆرێك له دەسەڵاتدارانی مەمالیك نێوانی خۆش بووە ، هاوسەردەمی دەسەڵاتی سوڵتانەكانی وەك (سلطان الناصر) و (حسام الدين لاجين) و (اشرف خليل و الناصر محمد) بوو، گەلێك پۆستی باڵا و گرنگی له ژێر قەڵەمڕەوی ئەواندا وەرگرتووە ، له گرنگترینیان وەرگرتنی پۆستی (كاتب السر) بووە ، له قاهیرە ودمشق خزمەتی كردووە [22]، چونكه ناو براو له نووسین و كارەكانیدا شارەزا و لێهاتوو و لێزان بووە ، ئەوە جگە لەوەی جێی متمانەی سوڵتانەكان بووە ، بۆیە پۆستی صاحب الانشاء شیان هەر بەو سپارد بوو ، جگە لەوەی كاری دادوەری(قاضي)[23]یش دەكرد. جا هەر لەبەرئەو پلەوپایەی لای

سوڵتانەکانی مەمالیك هەیبوو ، کوڕەکانیشی ڕێزیان دەگیرا و پۆستیان پێ دەبەخشرا ، لەساڵی (٧٣٨ ك/ ١٣٣٧ز) لە مصر لە تەمەنی ٩٣ ساڵی کۆچی دوایی دەکات، و دواتر کوڕەکانی یەك لە دوایەك شوێنی باوکیان دەگرنەوە[٢٤].

٣ـ بدر الدين محمد بن محى الدين بن الفضل الله العمرى ، برای ابن الفضل الله لەساڵی( ٧٠١ك /١٣٠٢ز) لەدایك بووە و ئەویش وەك ابن الفضل الله ی برای شارەزایی زۆری لە (کاتب السر) و (دیوانی انشاء) دا هەبووە، لەو پلەو پایەدا ماوەتەوە تا ئەو ڕۆژەی لە ساڵی( ٧٤٦ ك/ ١٣٤٥ز) کۆچی دوایی کردووە[٢٥].

٤ـ علاء الدين على بن يحيى ، ئەویش برای ابن فضل الله یە و لە ساڵی( ٧١٢ك / ١٣١٢ز)لە دایكبووە ، ویەکێك بووە لە کوڕە شارەزاکانی محيى الدين ، هێشتا زۆر بچوك بوو پۆستی (کاتب السر)ی پێبەخشرا [٢٦].

**سێیەم : کۆچی دوایکردنی ابن فضل الله :**

سەبارەت بە مردنی ابن فضل الله هەواڵ و باسکردنی جیاواز لە سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ کراوە ، هەندێك پێیان وایە لەوکاتەی نەخۆشی تاعون لە دمشق بلاْوبۆتەوە ابن فضل الله ژیانی گۆشەگیری هەڵدەبژێرێت و خۆی لە تێکەلاْوبوونی خەڵك بەدوور دەگرێت ، بەلاْم سەر ئەنجام هەر بەو نەخۆشییە کۆچی دوایی دەکات [٢٧].

ئاماژەیەکی تر هەیە، کە ابن فضل الله بڕیاریدا لەگەڵ خێزانەکەی فەریزەی حەج بە ئەنجام بگەینن، بۆیە چوونە قودس، بۆ ئەوەی لەوێوە بەرەو مەکە بەڕێ بکەون، بەلاْم لە قودس هاوسەرەکەی کۆچی دوایی دەکات ، ئەویش لە گەشتکردنەکەی پاشگەز دەبێتەوە ، و لەبارو دۆخێکی دەروونی زۆر خراپ دەگەڕێتەوە دمشق ، لە ڕێگادا سەرما زۆر کاری لێدەکات و تایەکی گران دەیگرێت و هەر بەم نەخۆشییە کۆچی دوایی دەکات[٢٨].

سەبارەت بە مردنیشی ، زۆربەی مێژوو نوسان پێیان وایە کەوا لەساڵی (٧٤٩ك/ ١٣٤٨ز)لە دمشق کۆچی دوایی کردووە[٢٩].

**چوارەم: گرنگترین بەرهەمەکانی:**

١–مسالك الابصار في ممالك الامصار ٢–التعريف بالمصطلح الشريف[٣٠] ٣–حسن الوفاء لمشاهير الخلفاء[٣١]
٤–دائرة بين مكة والبلاد[٣٢] ٥–الترسل في المكاتبات ٦–فواضل السمر في فضائل آل عمر[٣٣] ٧–الصبابة المشتاق[٣٤] في المدائح النبوية[٣٥] ٨– دمعة الباكي ويقظة الساهر[٣٦] ٩–كتاب الدعوة المستجاب[٣٧] ١٠–سفرة السفرة[٣٨] ١١–نفحة الروض[٣٩] ١٢–ذهبية العصر[٤٠] ١٣–الشتويات[٤١] ١٤–المبيكتات[٤٢] ١٥–تذكرة الخاطر[٤٣] ١٦–كتاب في الانشاْء والتوقيع[٤٤] ١٧–مختصر قلائد العقيان[٤٥] ١٨–عرف التعريف[٤٦] ١٩–ممالك عباد الصلب[٤٧].

**پێنجەم : گرنگی کتێبەکەی :**

کتێبی (مسالك الابصار فى ممالك الامصار)جیاوازە لە هەموو کتێبەکانی دیکەی ابن فضل الله ، ئەم کتێبە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە ، چونکە دەگمەن و لەوێنەیدا زۆر کەم نووسراوەتەوە ، بۆیە نوسەرانیش زۆر بەگرنگییەوە لەم کتێبەیان ڕوانیوەو ئاماژەیان بۆ کردووە ،وەك الصفدی ئاماژەی بۆ کردووەو دەڵێت : ((کتێبێکی گشت گیرە ،نەم زانیوە هیچ کتێبێك وەك ئەو بێت ))[٤٨] .هەروەها المقريزى ئاماژەی بۆ کردووە و دەڵێت (( لە پێشتردا لەوێنەی ئەو نەبووە))[٤٩] ، (الکتبی)ش پێی وایە هیچ کتێبێکی هاوشێوەی ئەم کتێبەی نەبینیووە کە زانیاری وا وردو دەگمەنی لەسەر مێژووی مەغۆل و نەتەوەکانی تر تێدا بێت ، سەبارەت بە جوگرافیا و ناسینی شارو شارۆچکەکان و دووری نێوانیان کەس بەقەد ئەو شارەزایی نەبووە و باسی لێوە نەکردووە ، وەك دەڵێت ((بۆناسینی ڕێگاکان و دانیشتوانی ناوچەکان و ڕێوشوێن هەرێم و ئاوەدانیەکان

ئاوەدانیەکان ئەوا پێشەوای سەردەمی خۆی بووە...))[50] و (ابن العماد)یش دەڵێت : (( کتێبێکی گرنگە و هاوشێوەی ئەو نەنوسراوە))[51]. ئەم شێوازە لە نووسیندا دەرگای بۆ ئەوانەی دواتر والآ کرد تا هەمان ڕێچکە بگرنەبەر و لەسەر ڕێبازی ئەو برۆن و درێژەش بەم جۆرە نووسینانە بدەن ، لە لایەیکی دیکەوە کتێبی مسالك الابصار ، شێوازی داڕشتنەکەی و پێکهاتە جۆراوجۆرەکەی وای لێ کردووە ببێتە سەرچاوەیەکی ڕەسەن بۆ زۆر بواری جۆراوجۆری وەك ، جوگرافیا و مێژوو ، و ئەدەب [52]و... . هتد . بۆیە ئەم کتێبە بە یەکێك لە باشترین و چاکترین سەرچاوە دادەنرێت ؛ بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر دەوڵەتی مەمالیك و مەغۆل و تورك و هند، سوودی زۆری لێوەردەگیرێت ، چونکە نووسەر خۆی هاوسەردەمی ڕووداوەکان بووە و لە نێو واقیعی ڕووداوەکان دا ژیانی گوزەراندووە و شاهێد حاڵی ڕووداوەکانی ئەوساش بووە. لە شێوازی داڕشتن و نووسینەوەیدا ، ئەم کتێبە بۆ ئەمرۆ دەچێتە چوارچێوەی (علم البلدان ) یان(جوگرافیای سروشتی ).

**تەوەری دووەم : ڕۆڵی زانستی و روشنبیری کورد لە کتێبی (مسالك الابصار)ی ابن فضل الله العمری:**

کورد لە هەموو سەردەمە جیاجیاکانی خەلافەتی ئیسلامی پشکدارێکی سەرەکی پێشهاتە سیاسی و سەربازییەکان بووە ؛ ئیتر وەك چۆن لە فراوانکردن و پاراستنی ئەم دەسەڵاتە ئیسلامییە رۆڵیان بینیوە ، بەهەمان شێوەش ڕۆڵی باشیان لە خزمەت و بەرەو پێش بردنی لایەنی شارستانیەتییەکشدا هەبووە .

لە گرنگترین ئەم بوارە ڕۆشنبیریانەی کورد تێیدا پشکداربووە و ڕۆڵی تێدا بینیووە ئەمانەن :

**یەکەم : لەبواری زانستە ئاییینیەکاندا:**

**أ: علم الحدیث (زانستی فەرموودە)**

فەرموودەناسی بەیەکێك لە زانستە هەرەگرنگەکان هەژمار دەکرێت ، چونکە لەدوای قورئان بە دووەم سەرچاوەی شەریعەتی ئیسلامی هەژمار دەکرێت و گرنگی تایبەتی بۆ موسڵمانان هەیە ، بۆیە زانایان زۆر گرنگیان پێداوەو لێیان کۆڵیوەتەوە ، ئامانجیش لەم زانستە هەڵهێنجانی فەرموودە ڕاست ودروستەکانە و پاکردنەوە وجیاکردنەوەیانە لە فەرموودە نادروست و هەڵبەستراوەکان.

ئەم زانستە هەموو کردار و ڕەفتار و گفتارەکانی پێغەمبەر لەخۆی دەگرێت و ئەوەی ئەو کردوویەتی یان باسی کردووە یان ئەو کارو کردەوانەی کە هاوەڵانی ئەنجامیان داوەو ئەو ناڕەزایی لە بەرامبەردا نیشان نەداوە ، وەك السیوطي لە ابن الاكفاني وەری گرتووە و دەڵێت ((عِلْمُ الْحَدِیثِ الْخَاصُ بالرِّوَایَةِ: عِلْمٌ یَشْتَمِلُ عَلَى نَقْلِ أَقْوَالِ النَّبيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَیْهِ وَسَلَّمَ وَأَفْعَالِهِ، وَرِوَایَتِهَا، وَضَبْطِهَا، وَتحْرِیرِ والفاظها))[53].

کوردیش لە خزمەت کردنی ئەم زانستەدا بێ بەش نەبوون و گەلێك زانای کوردمان هەن لەم بوارە کاریان کردووە و شوێن دەستی خۆیان جێ هێشتووە، لە دیارترینیان:

١-ابن الصلاح الشهرزوری:

ناوی تەواوی ( ابو عمرو عثمان بن عبدالرحمن بن عثمان بن موسى بن ابي نصر النصري الكردي الشهرزوري)یە لەساڵی (٥٧٧ك/١١٨١ز) لە شەرەزور لە دایك بووە ، سەرەتا لای باوکی خوێندویەتی و لەسەر دەستی ئەو فێری زانستی فقه بووە ، پاشان لەگەڵ باوکی دەچێتە موصل و درێژە بەخوێندنەکەی دەدات ، لەوێشدا ماوەیەك دەخوێنێت و پاشان هەر بۆ فێربوونی زانست و زانیاری ڕوودەکاتە خراسان ، ماوەیەکیش

لەویٚ دەمێنێتەوەو زانستی فەرموودە دەخوێنێت و فێر دەبێت [٥٤]، پاشان دەگەڕێتەوە ولاٚتی شام ، دواتر بۆ تەواوكردنی خوێندنەكەی جارێكی تر گەشتی حلب و بغداد دەكات .

لەماوەی خوێندنیدا گەلێك مامۆستاو زانای ئەو سەردەمە دەرسیان پێداوە ، لە گرنگترینیان (عُبَيْد اللَّه بْن أحمد ابن السّمين، نصر اللَّه بْن سلامة الهيْتيّ، محمود بْن عَليّ المَوْصِليّ، عَبْد المحسن ابن خطيب المَوْصِل، و عَبْد اللَّه بْن أبي السّنان، المؤيَّد الطوسي، القاسم ابن الصَفّار، مُحَمَّد بْن الْحَسَن الصَرّام، أبي المعالي بن ناصر الأنصاري، أبي النجيب إسماعيل القارىء، زينب الشّعْريّة. بمَرْو من أبي المظفَّر عَبْد الرحيم ابن السّمعانيّ، مُحَمَّد بْن إِسْمَاعِيل المُوسَوِيّ، أبي جَعْفَر مُحَمَّد بْن مُحَمَّد السّتجيّ، مُحَمَّد بْن عُمَر المسعوديّ) [٥٥] لای ئەمانە و چەندانی تریش دەرسی خوێندووە و خۆی پێگەیاندووە ، جگە لە فەرموودەناسی شارەزایی لەگەڵ زانستی تری وەك (ڕاڤەكردنی قورئان و فقە ، مذاهب و زمانی عربی و ئەدەبدا )هەبووە .

دوای كۆتایی هاتنی گەشتە زانستییەكەی لە ولاٚتی شام نیشتەجیٚ دەبێت ، دەستی داوەتە وانە وتنەوەو و لەگەلێك قوتابخانە وانەی فەرموودەناسی گوتوەتەوە ، سەرتا دەچێتە قودس و لە قوتابخانەی ( الصلاحيه)[٥٦] ، وانە دەڵێتەوە ، دوا ماوەیەك دێتە دمشق و ، لە قوتابخانەكانی ( الرواحه)[٥٧] و ( المدرسه التدريس الشاميه ) وانە دەڵێتەوە[٥٨] ؛ بەلاٚم دوای ئەوەی (الملك الاشرف موسى ) قوتابخانەیەك بەناوی ( دار الحديث الاشرفية) بنیات دەنێت ، بەڕێوە بردنی بە (ابن الصلاح) دەسپێرێت..[٥٩]

بەم شێوەیە (ابن الصلاح) بەردەوام بووە لە خزمەت كردن و هیچ كاتێك لە كارەكەی دانە بڕاوە ، ئەوە جگە لەوەی ئەو چەندین پەرتووكی لەبوارە جیاجیاكاندا نووسیوە ، لە گرنگترینیان پەرتوكێكی لەسەر فەرموودە نووسیوە و یەكێكی تریشی لەسەر فقە بەناوی ، (الوسيط ) نووسیوە ویەكێكییشی سەبارەت بە (مناسك الحج) نووسیوە ، لەگەڵ چەندین فەتوا كە قوتابییەكانی لەچوارچێوەی كتێبێكدا كۆیان كردۆتەوە [٦٠].

لەسەر دەستی ئەم زانا كوردە چەندین كەس فێر بوون و پێگەیشتوون ، لەگرنگترین قوتابیەكانی ((الإمَام شمس الدّين عَبْد الرَّحْمَن بْن نوح المقدسيّ، والإِمَام شهاب الدّين عَبْد الرَّحْمَن بْن إِسْمَاعِيل أبُو شامة، والإِمَام كمال الدّين سلار، والإمَام كمال الدّين إِسْحَاق، والإِمَام تقي الدين ابن رزين قاضي الدّيار المصريّة، والعلّامة شمس الدّين ابن خلّكان قاضي الشّام))بوون لەگەڵ چەندانی تر [٦١] .

پاشان ناوبراو لە ساڵی (٦٤٣ ك/١٢٤٥ز) لە دمشق كۆچی دوایی دەكات و لە گۆڕستانی صوفیەكان دەنێژرێت .[٦٢]

٢- اسحاق الامدی:

( اسحاق بن يحيى بن اسحاق بن ابراهيم ) امدیە و بە ( عفيف الاسحاق) بەناوبانگ بووە[٦٣]، لە ساڵی (٦٤٢ك/١٢٤٤ز) لە امد(دیاربكر) لە دایكبووە ،[٦٤] بۆ بەدەست خستنی ئەو زانستە لای گەلێك مامۆستای بەناوبانگ وانەی خوێندووە و سەردانی گەلێك شاری وەك دمشق و قاهرەی كردووە ، پاشان لە مصر نیشتەجیٚ دەبێت و لە قوتابخانەكان و مەشیخەكانیدا وانە دەڵێتەوە ، [٦٥] یەكێك بووە لە زانا فەرموودەناسەكان ، زۆرێك لە سەنەدەكانی پشت ڕاست كردۆتەوە ؛ بۆیە زانایانی دوای خۆی سوودی زۆریان لەبەرهەمەكانی وەگرتووە ، لەبەر خواپەرستی و ئاین پارێزیەكەی بە (عفيف الدين) بانگیان دەكرد [٦٦]، ناوبراو لە ساڵی (٧٢٥ك/ ١٣٢٥ز) كۆچی دوایی كردووەو لەدوای خۆی گەلێك بەرهەمی گرنگی جیٚ هێشتووە .[٦٧]

ب : زانستی فقە (تێگەیشتن لە ئاین):

ئەم زانستە بەیەکێك لە زانستە گرنگەکانی شارستانییەتی ئیسلامی هەژمار دەکرێت ، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەژیانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگاوە هەیە و چارەسەری هەموو ئەو نا ڕۆشنیانە دەکات کە خەڵك پێویستیەتی ، مەبەستیش تێیدا دۆزینەوەی وەڵامە بۆ پرسیارە شەرعییەکانیان .

زانستی (فقه) واتە (تێگەیشتن) لە قورئانی پیرۆز و هەڵهێنجانی (أحكام الشرعي) لە قورئان و فەرمووده و ئیجتهادکردن لە (أحکامەکان) و کارئاسانی کردن و فەتوا دان بۆ خەڵك بە پێی چوار مەزهەبە سوونییە سەرەکییەکە[٦٨].

جا لەبەر ئەوەی ئەم زانستە ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بەژیانی خەڵکەوە ، بۆیە زانایان زۆر گرنگیان پێداوەو هەوڵی خۆ فێرکردن و تێگەیاندن و پێگەیاندنیان داوە ، بەلاّم ئەوەی جێی ئاماژە بۆ کردنە ئەم زانستە لەسەدەکانی سێیەم و چوارەمی کۆچیدا/ نۆیەم و دەیەمی زاینیدا ، زۆر گەشەی کردووەو کەسانێکی زانا لەم بوارەدا بەدیار کەوتبوون و بوون بە ڕێگا نیشاندەری خەڵك ، بەلاّم لە سەدەکانی دواتر و تا ئەمرۆش زۆر بەکەمی کەسانێك هەن لەم بوارە کار بکەن و بیروبۆچوونی خۆیان هەبێت و ڕێنیشاندەری خەڵك بن ، بەڵکو زیاتر و زیاتر پشت بەو فەتواو ئەحکامانە دەبەستن کە لەسەدەکانی سێیەم و چوارەمی کۆچی زانایانی ئەوسا فەتوایان لەبارەوە داوە،ئەوانەی دواتر تەنها لەفەتواکانی ئەوانەوە شت هەڵدەهێنجن و ئیجتهاد دەکەن؛بۆیە دەتوانین بڵێین ئەوانەی دوای ئەوان تەنیا کاریان لەبەر گرتنەوەی کارەکانی زانایانی پێش خۆیان بووە.

دەکرێت بڵێین زانستی فقە ڕاستە بەزانستێکی سەردەمیانە و پەیوەست بەخەڵك هەژمار دەکرێت بەلاّم بەبەراورد لەگەڵ سەردەمەکانی پێشوتر هیچ تەکان و بەرەوپێشچوونێکی ئەو تۆی بەخۆیەوە نەبینیوە .

سەبارەت بەکوردیش گەلێك زانای ناودارمان هەن کە لەم بوارەدا خۆیان پێگەیاندووە و خزمەتی زۆریان پێشکەشی کۆمەڵگا کردووە ، لە کتێبی (مسالك الابصار)دا ناویان هاتووە و لە دیارترینیان:

١-ابن البرزی :

ناوی تەواوی( ابوالقاسم عمر بن احمد بن محمد بن عكرمه ) یە ، بە الابزری و الجزری ، ناوبانگی دەرکردبوو ، ناوبراو لەساڵی (٤٧١ك/ ١٠٧٨ز) لە جزیرە لە دایك بووە ، هەر لەو شارە دەستی بەخوێندن کردووە ، پاشان بۆ فێر بوونی زیاتر ڕوو لە بغداد دەکات ، لای زۆرێك لە مامۆستا بەناوبانگەکانی ئەویّ وانەی خوێندووە [٦٩] ، دواتر دەگەڕێتەوە جزیرە و دەبێتە مامۆستاو موفتی شارەکە ، چەند کتێبێکی لەسەر کێشە فقهییەکان نووسیوە ، لە هەرێمی جزیرە هیچ کەس وەك ئەو شارەزای فقه نەبووە ، بەیەکێك لە پێشەوایانی شافعی هەژمار دەکرێت [٧٠] ، پاشان هەر لەشاری جزیرە لە ساڵی (٥٦٠ك/ ١١٦٥ز) کۆچی دوایی دەکات . [٧١]

٢-عقیل الاربیلی :

ناوی تەواوی (الخضر بن نصر بن عقیل بن نصر الاربلي )ە، بە الفقیه الشافعي ناسراوە، ئەم زانایە لە ساڵی (٤٧٨ك/١٠٨٥ز) لە هەولێر لەدایك بووە [٧٢]، هەر زوو بەمەبەستی خوێندن گەشتی شاری بغداد دەکات و بۆ ماوەیەك لەوێدا دەمێنێتەوەو لای گەلێ لە زانایانی ئەویّ دەخوێنێت ، پاشان دەگەڕێتەوە هەولێرو لەلایەن (أبو منصور سرفتكين بن عبد الله الزيني) فەرمان ڕەوای هەولێر لە ساڵی (٥٣٣ك/١١٣٨ز) (قوتابخانەی القلعه)ی بۆ دروست دەکرێت و دەبێتە یەکەم مامۆستا لەهەولێر ، کە دەرسی دابێتەوە و قوتابی پێگەیاندبێت [٧٣]،چەندان کەسی وەك (ضیاء الدین أبو عمرو عثمان بن عیسی ابن درباس هذباني و عز الدین أبو القاسم نصر بن عقیل ابن نصر) چەندانی تریش لە سەر دەستی ئەو پێگەیشتوون[٧٤].

ئەم زانایە بەیەکێك لە فقیە شافعییەکان هەژمار دەکرێت ، زانایەکی ناوداری ئەم بوارە بووە ، وەك نووسەر دەڵێت : ((کان فقيها فاضلا و عارفا بالمذاهب ، والفرائض ، والخلاف))[٧٥] .

چەندین دەستنووس و دانراوی تایبەت بە فقە و تەفسیر و بوارەکانی تریش هەیە ، یەکێك لەگرنگترین پەرتوکەکانی تایبەتە بە بیست و شەش وتاری پێغەمبەر ، کە خەڵکێکی زۆر کەڵکیان لێوەرگرتوە و بەکاران هێناوە .[٧٦]

دوای ماوەیك مانەوە جارێکی تر گەشتی دمشق دەکاتەوەو ماوەیەك لەوێ دەمێنێتەوەو دوایی دەگەڕێتەوە هەولێر و هەر لەم شارەدا لە ساڵی (٥٦٧ك/١١٧١ز) کۆچی دوای دەکات و لە ناو قوتابخانەکەیدا دەنێژرێت[٧٧] .

٣- ابن خلكان:

ناوی تەواوی( احمد بن محمد بن ابراهيم بن ابى بكر بن خلكان ، البرمكى[٧٨]، الاربلى)یە بە قاضي القضاة[٧٩]، شمس الدين ابو العباس الشافعيش ناسراو بووە ، بەیەکێك لە گەورە زانایانی سەردەمی خۆی دەناسرێت و لە ساڵی (٦٠٨ك/١٢١١) لە هەولێر لە دایك بووە[٨٠] .

سەرەتا لای باوکی دەستی بە خوێندن کردووە ، دوایی بۆ فێربوونی زیاتر چۆتە موصل ، لای مامۆستا ( کمال الدین بن یُونس) خوێندویەتیو پاشان ڕوودەکاتە حلب و لەوێشدا لای (الشَيْخ بهاء الدّين أبي المحاسن يُوسُف بن شَدَّاد ) وانەی فقهی خوێندووە ، (ابي الْبَقَاء يعِيش بن عَليّ) وانەی زمانەوانی و نحوی پێدەڵێت ، پاشان دەچێتە دمشق و لای (ابن الصلاح )یش دەخوێنێت ، دواتر ڕوودەکاتە مصر و لە قاهرە نیشتەجێ دەبێت[٨١]، پاشان لە قوتابخانەی ( الفخريه ) دەبێتە مامۆستا و وانە دەڵێتەوە لەوێدا ناوبانگ پەیدا دەکات و زیاتر دەناسرێت و پاشان گەلێك پۆستی گرنگ وەردەگرێت .[٨٢]

ابن خلكان جگە لە شارەزایی لە بواری فقهدا لە گەلێك بواری تری وەك (ئەدەب و زمانەوانی و مێژوو) شارەزایی هەبووە ، وەك نووسەر دەڵێت (( كان خبيرا بعلم الادب و النحو واللغة والعروض و حسن الشعر وعارفا بالتواريخ و صحيح الذهن وكثرة المروءة و وافر العقل و كامل الرياسة ))[٨٣].

لەبەر لێهاتویی خۆی لە قاهرە پۆستی دادوەر (قاضي) ناوچەی (الملحه)ی[٨٤] ، پێدەسپێردرێت ، بەڵام دوایی لەساڵی (٦٥٩ك/ ١٢٦١ز) لەلایەن ( الملك الظاهر البيبرس ) پۆستی (قاضي القضاة) ی وڵاتی شام پێ دەسپێردرێت و تا سێ ساڵ لەو پۆستەی بەردەوام دەبێت ، دواتر لەکارەکەی دوور دەخرێتەوەو لە یەکێك لە قوتابخانەکانی دمشق دەبێتەوە بە مامۆستا[٨٥] .

بەڵام جارێکی تر لە ساڵی (٦٧٧ك/١٢٧٨ز) دەکرێتەوە بە (قاضي القضاة)ي دمشق ، خەڵك زۆر بە هاتنەوەی دڵخۆش دەبن و خۆشی و شادی تەواوی شارەکە دەگرێتەوە ، هەموو خەڵك دێنە پێشوازی ، چونکە کەسێك بووە خەڵك خۆشیان ویستوە ، بۆیە بەپەرۆش بوون بۆ گەڕانەوەی بۆ پۆستەکەی .[٨٦]

بەڵام جارێکی تر لە ساڵی(٦٨٠ك/١٢٨١ز) لە پۆستی قضاء دور خرایەوە ، ئیتر گەڕایەوە بۆ دەرس گوتنەوەو لەوپیشەیە بەردەوام بوو تا لە ساڵی (٦٨١ك/ ١٢٨٢ز) لە دمشق کۆچی دوای کردووە .[٨٧]

لەگەل ئەوەی ابن خلكان فەقیهێکی لێهاتوو بووە، هاوکات بەیەکێك لە باشترین دادوەرەکانی سەردەمی مەمالیك هەژمار دەکرێت ، نووسەرانیش زۆر ستایشی زیرەکی و ڕەوشت بەرزەیان کردووە و دەڵێن : ((واما رياسته وعلو همته وشرف نفسه وخبرته بالقوانين والاحكام والحشمة فلم يكن له في ذلك نظير ، وكان جوادا مفضالا ممدحا مدحه شعراء بغرر القصائد ، وكان يزجيهم الجوائز السنية وكان عنده صبر واحتمال وستر على العورات وعفو عن

الزلات ))[88] . ابن خلكان پەرتوكێكی گرنكی بەناوی ( وفيات الاعيان وأنباء أبناء الزمان) نووسيوه، سوودی زۆری بۆ نووسەران و خوێنەرانی سەردەمی خۆی بووه و تا ئەمرۆش سوودی زۆری لێ وەردەگیرێت .

ج : زانستی زمانەوانی و ڕێزمان (النحو):

بۆ ئەوسا مەبەست لەم زانسته جوان و ڕێك بەكار هێنانی زمانی عەربی بووه ، ئامانجیش لێی فێركردنی خەڵك بووه بۆ ئەوەی قورئان و فەرمووده‌كان بەشێوەیەكی ڕێك و دروست بخوێننەوه ، دوای ئەوەی فتوحاتی ئیسلامی زۆر ناوچەی دەرەوەی سنووری عەرەبی گرته خۆی و خەڵكانێكی نا عەرەب هاتنه نێو ئايينی ئيسلامەوه ، ئيتر ئەو كات ئەو زانسته بووه پێويستييەكی حەتمی بۆ ئەوان ، تا فێری ڕێك خوێندنەوەو بەكارهێنانی وشەكانبن ، بۆیه ئەم زانسته بە زانستێكی گرنگ هەژمار دەكرێت [89]

لەگرنگترین زانا كوردييەكانی ئەم بواره كه له كتێبەكەی ابن فضل الله ناويان هاتووه :

١ –ابن الارملة :

ناوی تەواوی ( ابو الثناء محمود بن الحسن بن علي بن الاحسن كمال الدين) ه ، به الضرير العراقي ناسراو بووه [90]، بۆ فێر بوونی زانست و زانياری چەندين شارو ئاوەدانی گەڕاوەو لای چەندين زانای بەناوبانگ وانەی خوێندووه ، بەيەكێك له شارەزايانی زانستی زمانەوانی هەولێر هەژمار دەكرێتو مامۆستای ئەم بواره بووه، پاشان له ساڵی(٦٠٦ك/ ١٢٠٩ز) كۆچی دوايی كردووه [91]

٢ –عزالدين الاربلي:

يەكێك له كه سايەتييه كوردييەكانی شاری هەولێرەو ناوی تەواوی (: ابو بكر بن محمد بن ابراهيم ، عزالدين الاربلی النحويه) له زانستی نحو و زمانەوانيدا پێشەنگ بووه ، بەمەبەستی فێر بوون گەلێك شارو ئاوەدانی گەڕاوه [92].

له چەندين قوتابخانەی دمشق وانەی زمانەوانی داوەتەوه ، بەتايبەتيش له قوتابخانەكانی (الفلكيه)[93] و (القوصية)[94] و چەندانی تريش ؛ چەندين كەس لەسەر دەستی ئەو فێری زانستی نحو و زمانەوانی بوون .[95]

نووسەر ستايشی كردووه و دەڵێت : ((كان دينا ، خيرا ،صالحا ،حسن العقيدة ، كثير الذكر والتلاوة ، عارفا بالنحو والعربية ، عنده فضائل تامة تحل المترجم ، وله اقتدار على نظم الشعر ))[96].

ئەم زانايه له ساڵی (٦٦٩ك/١٢٧٠ز)هەر له دمشق كۆچی دوايی كردووه[97] .

ء : سۆفيگەری (التصوف) :

زانستێكه بايەخ و گرنگی به پاككردنەوەی دڵ و دەروون دەدات ، ئامانجيشی خۆ دوور گرتنه له هەموو كارێكی نا پەسەند و نەشياو ، زۆر جاريش بەم زانسته گوتراوه (علم الحقيقه)[98] ، كه تێيدا مەبەست لێی وێڵ بوونه بەدوای خودای حقيقی ، ئامانجيش خۆ نزيك كردنەوەيه لەو خودايەو خۆ دور گرتنه لەو كار و كردەوانەی كەخەڵكی ديكه ئەنجامی دەدەن .

و زۆرجاريش سۆفييەكان نازناوی ( الفقراء)[99] يان (غرباء) و (سياحين ) يان له خۆيان ناوه[100] .

كورديش وەك تەواوی ميلەتانی تر ، كۆمەڵێك زانای لەم بوارەدا هەبووه ، له جيهانی ئيسلاميدا ناو وناوبانگيان بەديار كەوتووه و خەڵك له دەوريان كۆبۆتەوەو شوێنيان كەوتوون ، تەنانەت هەندێكيان ئەوەنده فراوان بوون

وەك بزوتنەوەیەكیان لێهاتووە و مەترسیان لەسەر دەسەڵاتی سیاسی ئەوسا دروست كردووە ، لەدیارترین ئەو كەسایەتیانەش:

١-ممشاذ الدینوري

یەكێك بوو لە دیارترین سۆفیە كوردییەكانی سەدەی سێیەمی كۆچی/ نۆیەمی زاینی ، ناوبراو خەڵكی دینور بووە ، ژیانی تەنیایی و گۆشەگیری هەڵدەبژێرێت و لە ناوچەی چیاكان دەژیاو بەیەكێك لە پیاوچاكەكانی ناوچەكە هەژمار دەكرا . [١٠١]

زۆر حەزی لە خوا پەرستی و ئەنجامدانی سوونەتەكانی پێغەمبەر بووە ، زۆر بە دەم پاكردنەوەی دڵ و دەروونی خۆیەوە بووە ، دواتر بۆتە یەكێك لە شێخەكانی سۆفیگەری و زۆریش ناسراو بووە و خەڵك زۆر پرسیاریان لێی كردووە ، ئەویش هاوكاری كردوون و بەدەمیانەوە چووەو فەتوای زۆریشی بۆ خەڵك داوە ،[١٠٢] ممشاذ لە ساڵی (٢٩٨ك/٩١٢ز) كۆچی دوایی كردووە [١٠٣] .

٢- ابو بكر الدقی:

ناوی تەواوی (محمد بن داود بن ابو بكر الدقی الدینوری) یە لە دینور لە دایك بووە ، پاشان گەشتی بغداد و وڵاتی شامی كردووە ، و بەیەكێك لە شێخە سۆفیەكانی سەردەمی خۆی هەژمار دەكرێت ، پێگەیەكی زۆرباشی لە وڵاتی شام هەبووە.[١٠٤]

زانستی قورئانی خوێندنەوەو زمانەوانی لای چەندین مامۆستای بەناوبانگ خوێندووە و ، دواتر بەهۆی زۆر لە خوا ترسان و دونیا نەویستی و تەقوا كەیەوە لە ناو خەڵك زۆر بەرز بۆتەوە ، بۆیە هەمیشە لە دەوری كۆبونەتەوەو پرسیاریان لێی كردووە[١٠٥] .

یەكێك بووە لە هاوەڵەكانی (ابي علي الروذباري ، ابا عبدلله بن جلاء ، ابا بكر الزقاق الكبير و ابا بكر المصري ) و چەندانی تریش كە ئەمانە سۆفییەكانی سەردەمی خۆی بوون و پاڵپشتی یەكتر بوون .[١٠٦]

یەكێك لە قسە نەستەقەكانی ئەو ؛ كە زانایانی تسەوف لە دوای خۆی زۆر ئاماژەیان بۆ كردووە ئەوەیە كە شێخ دەڵێت : ((من عرف ربه لم ینقطع رجاءه ، ومن عرف نفسه لم یعجب بعمله، ومن عرف الله لجاء الیه ، ومن نسي الله لجاء الی المخلوقین ، والمؤمن لا یسهو حتی یغفل فاذا تفكر حزن واستغفر )) ((والانقطاع من كل شي سوی الله))[١٠٧] .نووسەر پێی وایە ابو بكر الدقی لەسەرووی تەمەنی سەد ساڵی، لە ساڵی(٣٥٠ك/٩٦١ز) لە دمشق كۆچی دوایی كردووە [١٠٨]، بەڵام سەرچاوەكانی دیكە پێیان وایە شیخ لە ساڵی (٣٦٠ك/٩٦١ز) كۆچی دوایی كردووە.[١٠٩]

٣- شیخ عدی بن مسافر :

ناوی تەواوی (عدی بن مسافر بن اسماعیل بن موسی بن مروان بن الحسن بن مروان الهكاری)یە ، یەكێكە لە ڕێبەرانی ڕەوتی سۆفی گەری ، لە ساڵی (٤٤٦ك/ ١٠٧٤ز) لە گوندی (بیت فار)[١١٠] لە وڵاتی شام لە دایك بووە [١١١] ، هەر لە تەمەنی گەنجێتییەوە تێكەڵی بزاڤی سۆفیگەری بووە و هاوڕێیەتی سۆفییە بەناوبانگەكانی وەك (عقیل المنبجي، وحماد الدباس، وأبي النجیب عبد القاهر السهروردي، وعبد القادر الجیلي، وأبي الوفاء الحلواني) كردووە .[١١٢]

دواتر وڵاتی شامی جێهێشت و ڕووی كردۆتە ناوچەكانی چیای هەكاری ، پاشان لە ناوچەی شێخان و بەتایبەتیش لە لالش گیرساوەتەوە ، لەوێدا گۆشەگیری و ژیانی سۆفی گەری خۆی بەسەر بردووە ، خەریكی

پەرستش و بەئەنجام گەیاندنی واجبەکانی خۆی بووە ، دواتر چەند زاویەیەکی(گۆشەییەکی) بۆ پەرستش لە ناوچەکە بنیات ناوە.

زۆر ئامۆژگاری خەڵکی کردووەو سەرئەنجام لەماوەیەکی کورتدا خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆبوونەتەوە و گوێڕایەلی بوونەو بوونەتە موریدی ئەو و ملکەچی خۆیان بۆ فەرمان و ئامۆژگارییەکانی دەربڕیوە(١١٣) ؛ سەرئەنجام بەهۆی زۆری شوێن کەوتوانی بە (العدویە) (عەدەویەکان) ناودەبران(١١٤).

شێخ تێکەڵ بە ژیانی سیاسی و ژیانی دونیا نەدەبوو ، ئامانج و مەبەستی ئامۆژگاری کردنی خەڵك بووە بۆ دوورکەوتنەوە لە ژیانی دونیا و پشت کردن لێی ، بۆیە تا دەهات لایەنگران و موریدانی زیادی دەکرد ، ئەم موریدانەی شێخ نەك تەنها گوێڕایەڵی ئەو بوون بەڵکو بە ماڵ و سامانیش لە خزمەتی ئەو دابوون ، بۆیە بە سەروەت و سامانی خۆیشیان خزمەتی زاویە و میوانەکانی شێخیان دەکرد (١١٥) .

دەتوانین بڵێین ئەوەی شێخ بە ئەنجامی گەیاند هێنانە کایەی بزوتنەوەیەکی ئاینی بوو ، مەبەستی ئامۆژگاری خەڵك و وشیار کردنەوەیان بووە لە ڕەفتارە ناپەسەندەکان ؛لە دوای مردنی شیخ لە ساڵی (٥٥٧ك/١١٦٢ز) ئەم بزوتنەوە ئاینە گۆڕا ، بۆ بزوتنەوەیەکی ئاینی سیاسی چەکداری ، کە لەلایەن ( عزالدین)ی برازایەوە سەرکردایەتی دەکرا ؛ کە دواجار ناوبراو ناوچەی هەکاری جێ دەهێڵێت و دەگەڕێتەوە گوندی (بیت فار ) لەوێ نیشتەجێ دەبێت ، لەبەر ئەوەی برازای شێخ عودەی بوو ، لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە پێش وازی لێ دەکرێت و پلە و پۆستی باڵای پێ دەبەخشرێت .(١١٦)

خەڵکی ناوچەکەش ڕێزیان دەگرت و بە کەسێکی پیرۆزیان دەزانی و شوێنی کەوتن (١١٧)، دوای ماوەیەك شیخ عزالدین بەهۆی زۆری لایەنگرو شوێن کەوتوانییەوە ، لەلایەن دەسەڵاتدارانی مەمالیکەکانەوە کرا بە ئەمیرو فەرمان ڕەوایی دمشق ، پاشان بەرێوەبردنی ناوچەی صفد (١١٨) یشیان پێسپارد.

بۆیە شێخ (عزالدین) لە پاڵ نفوزی ئاینیدا ، نفوزی سیاسی و سەربازیشی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیادی دەکرد وکوردەکان لە هەموو لایەکەوە دەهاتنە پاڵی ، تەنانەت موڵك و ماڵی خۆیان بە پارەیەکی کەم دەفرۆشت و کەل و پەلی سەربازیان بە پارەیەکی زۆر پێ دەکڕی . (١١٩)

ئیتر شیخ بەهۆی زۆر بوونی نفوزەکەیەوە لەخۆیی بایی بوو ، دانی بە دەسەڵاتی مەمالیکەکانیشدا نەنا ، بۆیە (تنکزی )دەسەڵات داری شام هەندێك کەسی وەك (علم الدین سنجری) (١٢٠) ڕاسپارد بۆ لێکۆڵینەوە لە جموجۆڵی شیخ و ئاشکراکردنی ئامانجی لەو کارانەیدا، چونکە دەنگۆی ئەوە لە ناو خەڵك بەلاو ببویەوە کە گوایە شێخ ، نیازی هێرش کردنە سەر مصری هەیە و ئامانجیشی لەناوبردنی مەمالیکەکانە ؛ هەندێ هەواڵی تریش باسیان لەوە دەکرد شێخ دەیەوێت دەست بەسەر (یمن)دا دابگرێت ، بۆ ئەم مەبەستە سوڵتانی مەمالیك هێزێکی ناردە سەر شێخ و لایەنگرانی ، پاش گەمارۆدان و شەڕێکی کەم ( شیخ عزالدین) بەدیل گیرا و بەشکێکی زۆریش لە لایەنگرانی کوژران و ناوچەکەشیان وێران کرا.(١٢١)

بەڵام دوای ماوەیەك لایەنگرانی شیخ جارێکی تر کۆبونەوەو توانیان میرنشینك لەناوچەکە دابمەزرێنن و فەرمان ڕەوایی تەواوی ناوچەکانی دەوربەریشیان بکەن .(١٢٢)

ئەوەی لێرەدا گرنگە بگوترێت ئەوەیە ، کە لایەنگرانی شیخ عودەی و شیخەکانی دواتریش بڕوایەکی تەواو و ڕەهایان بە شێخەکانی خۆیان هەبوو ، بۆیە بەتەواوی گوێڕایەڵی هەموو فەرمانەکانیان بوون و هەرچیەك شێخ گوتبای ئەوان ڕاستەوخۆ جێبەجێیان دەکرد.

ئەم باوەڕ بوونە بە شێخەکان سەرئەنجام سەری کێشا بۆ بە پیرۆز کردنیان ، کە دواجار لە بری خودا ، پەرستشی شێخ بەئەنجام بگەیەنن و گۆڕەکەیشی بکەن بە شوێنی زیارەت و تەنانەت بڕیاریاندا کە کعبەیەکی تایبەتی بۆ دورست بکەن ، لەبری ئەو کعبەی کە لە جیهانی ئیسلامیدا خەڵك بۆ پەرستش ڕووی تێدەکەن [١٢٣].

لە کۆتایی ئەم باسەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە نووسەر ڕەچەڵەکی شیخ عودەی و بنەماڵەکەی بۆ هۆزی قوریش و ( معاویە بن ابو سفیان) گێڕاوەتەوە ، بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەك بخاتە ڕوو ، بۆیە لە ڕاستیدا ئەم تێڕوانینە هیچ بنەمایەکی زانستی نییە ، ودورە لەڕاستییەوە ، چونکە ئەو لە دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەی هەکاریە و هیچ پەیوەندیەکی دوورو نزیکی نە بەهۆزی قوڕەیش و نە بە ابو سفیانەوە نییە .

لەلایەکی تریش ناوچەی (بیت فار)ی شوێنی لەدایك بوونی زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن .

٤- شیخ الملك الظاهر (شیخ الخضر الكردی):

ناوی تەواوی (الشیخ خضر بن ابي بكر بن موسى ابو العباس المهراني ، العدوي ) بوو ، بەهۆی نزیکییەوە لە (الملك الظاهر بیبرس)ەوە نازناوی( شیخ الملك الظاهري) پێ بەخشرابوو ، بەهەمان شێوە بە یەکێك لە ڕێبەرانی ڕەوتی سۆفیگەری لەقەڵەم دەدرێت .

شیخ خضر بەڕەچەڵەك خەڵکی گوندی (المحمدیە) ی ناوچەی جزیرەیە و دواتر گەشتی مصری کردووە و لە قاهرە گیرساوەتەوە .[١٢٤]

بەڵام بەهۆی لە خواترسان و پیاوچاکییەکەی بە (صلاح) بانگ دەکرا ، ناوبراو بەوە ناسرا بوو پێش بینی داهاتوی دەکرد ، بۆیە شیخ پێش ئەوەی ( الظاهر البیبرس ) ببێتە دەسەڵات داری مەمالیك پێی ڕاگەیاندبوو ، کە دەبێتە سەرکردە و فەرمان ڕەوایی مصر و شام دەکات ، ئەوەش بەتەواوی هاتەدی و پێش بینیەکەی ڕاست دەرچوو[١٢٥] ؛ بۆیە ئەویش (شیخ الخضر)ی لەخۆی نزیك کردەوەو و لەهەموو کارەکانیدا پرس و ڕاوێژی پێ دەکرد و لە پێشبینییەکانیشی دەر نەدەچوو، بەتایبەتی ئەوی پەیوەندی بە کاروباری سەربازی هەبوو ، هەرچی گوتبای بەگوێی دەکرد، هەر بۆ ئەم مەبەستەش و هەفتەی جارێك تا سێ جار سەردانی کردووە و لەخزمەت ئەو دابووە ، هەر لەبەر نزیکایەتییان لە یەکتر خەڵك بە شێخیان وتووە ( شیخ الملك الضاهر)[١٢٦] .

ئیتر کاتێك (الظاهر بیبرس) نیازی هەر جولەیەکی سەربازی هەبووایە ڕای شێخی وەردەگرت ، شێخیش پێشبینی خۆی پێ دەگوت و هەموو جاریش پێش بینیەکانی ڕاست دەردەچوون ، بۆیە تا دەهات بیبرس خۆشەویستی لای زیادی دەکرد و لەخۆی نزیك دەکردەوە ، ئەوەتا لە کاتی هێرشی بۆسەر ( ارسوف و قیسارە و صفد) پێی گوت سەر دەکەوی سەرکەوت ، پاشان لەکاتی هێرشی بۆ ناوچەی (کرك) شیخ ئامۆژگاری کرد شەڕنەکات ، چونکە سەر ناکەوێت ، بەڵام ئەو شەڕەکەی بەئەنجام گەیاندو شکستیشی خوارد.[١٢٧]

ئیتر دوای ئەمانە شێخ پلەو پایەی لای (الملك الظاهر) بەرز بوویەوەو دەستی لەهەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی واڵاکرد ، شێخیش چەندین زاویەی لە دمشق و اسکەندریە و قدس ، بۆ خۆی دروست کردو چەندین پارچە زەویشی بۆ ئەم زاویانە وقف کرد، جگە لەوەی (الملك الظاهر) خۆیشی چەند زاوییەکی لە ( الحسینیە و قدس و مزە بعبك و حمص و ) ناوچەکانی تری بۆ دروست کرد [١٢٨] .

بەلأم دواتر بەهۆی پیلانی هەندێك لە کاربەدەستانی مەمالیکەوە پەیوەندی نێوان شیخ و الملك تێك چوو ، سەرئەنجام شێخ دادگایی کرا و بڕیار درا لە سێدارە بدرێت ، بەلأم بەهۆی پەیوەندیەکنی پێشوویان لەلایەك ، ولەلایەکی تریش لەبەر ئەوەی شیخ بە (الملك الظاهر) ی ڕاگەیاند بوو ، کە نێوانی مردنی من و تۆ تەنها بیست ڕۆژە ، بۆیە (الملك الظاهر) لە ترسی مردنی خۆی بڕیاریدا لەشوێنك بەتەنیا زیندانی بکات و خزمەتی باشیشی بکات ، ئەوە بوو شێخ لە ساڵی (٦٧٦ك/١٢٧٧ز) لە زیندان کۆچی دوایی کرد [١٢٩] .

٥- علی السقباوی :

ناوی تەواوی (علی حسن السقبانی الکوردی )، یەکێکی ترە لە صوفیە بەناوبانگەکانی کوردستان ،و لە دمشق نیشتەجێ بووە و لە قوتابخانەی ( العزیزی) یە [١٣٠] دەرسی خوێندووە و هەر لەوێشدا ماوەتەوە ، بەیەکێك لەو شێخانە هەژمار دەکرێت ، کە خاوەن کەرامات بووە ،و خەڵکی زۆر خۆشیان ویستووەو پرس و ڕایان پێ کرددوە[١٣١] ، و لە ساڵی (٧١٢ك/١٣١١ز)لەتەمەنی هەشتاو یەکساڵیدا کۆچی دوایی کردووە .[١٣٢]

هـ: زانستی خوێندنەوە( علم القراءات):

ئەم زانستە بەیەکێك لە زانستە پر بایەخەکان سەیر دەکرێت ، چونکە زانستێکە تایبەتە بە خوێندنەوەی قورئان و شێوە و شێوازی دەربڕینی پیتەکان و وشەکانی ڕێك دەخات ،[١٣٣] مەبەستیش لێی جوان و ڕێك خوێندنەوەیەتی ، چونکە وەك زانراوە چەند جۆرە خوێندنەوەیەك هەیە و جیاوازیش لە شێوازی خوێندنەوەو دەر بڕینەکاندا بەدی دەکرێت ، ئەوە جگە لەوەی لەدوای فراوان بوونی دەوڵەتی ئیسلامی و هاتنە ناوەوەی خەڵکانێکی تری نا عەرەب بۆ نێو ئەم شارستانیەتییە ، ئەو خەڵکانە شارەزای زمانی عەرەبی نەبوون و شێوەو شێوازی قورئان خوێندنەوەش لایان ئاسان نەبوو ، بۆیە دواجار ئەم زانستە بلأو بوونەوەی بووە کارێکی زۆر پێویست ، چونکە ئەم زانستە هەوڵی ڕێك خستن و چاکردن و ڕاست کردنەوەی هەڵە زمانەوانیەکان دایە [١٣٤] . بۆیە گەلێك زانا لەم بوارە بەدیار کەوتون و کوردیش لە خزمەت کردنی ئەم لایەنە بێبەش نەبووە ، یەکێك لە زانا ناسراوەکانی ئەم بوارە (حسن الکردی) یە کە ناوی تەواوی( حسن بن عمر بن عیسی بن خلیل بن ابرهیم الکردی)یە و لە ساڵی (٦٣٠ك/١٢٣٥ز) لە دایك بووە ، پاشان لەگەڵ باوکی چۆتە مصر و لە جیزە نیشتەجێ بوون و بەیەکێك لە پێشەوایانی زانستی خوێندنەوەی قورئان هەژمار دەکرێت .[١٣٥]

ناوبراو سەرەتا بەکاری فرۆشتنی کاغەز (وەرقە) و لەبەرگ گرتنەوەی دەستنووسەکان خەریك دەبێت دواتر لەساڵی ( ٧١٢ك/١٣١٢ز) دەستی بە خوێندنەوەی زانستی قورئان و پێگەیاندنی قوتابیانی ئەم بوارە کردووە ، ئیتر لەو ساکەوە وەك کەسایەتییەکی دیار و بەرچاو لەم بوارە خزمەتی کردووە و ناوبانگی پەیدا کردووە ، تا لەساڵی ( ٧٢٠ك / ١٣١٩ز) هەر لە مصر کۆچی دوایی دەکات[١٣٦] .

**و : زانستی وتار بێژی :**

ئەم زانستە بەیەکێك لە زانستە پڕ بایەخەکان سەیر دەکرێت ، بەزانستێکی ئاینی پوخت هەژمار دەکرێت [١٣٧]، چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە خەڵك و ژیانی خەڵکەوە هەیە ، کەسانێك دەبوونە وتار بێژ ، کە زمان پاراوو قسەزان و خاوەن پاشخانێکی زانستی بەرزو باش بوون [١٣٨]، کە لە لەسەریان پێویستبوو ئامۆژگاری خەڵك بکەن و تێکەلأوی ژیانیان بن و ببنە چارەسەر بۆ گرفتەکانی ناو کۆمەڵگا ، بۆیە ئەم زانستە لای خەڵك بەهای تایبەتی خۆی هەبووە ، بۆیە چەندان کەس لەم بوارە ناوبانگیان پەیدا کردبوو ، لە نێو کوردیش خەڵکانێك لەوتاربێژی ناوبانگیان پەیدا کردبوو ، گرنگترینیان :

١-ابن نباتة الخطیب

(ابو یحیی عبدالرحیم بن محمد بن اسماعیل ) ناسراو به ابن نباته [١٣٩]، له ساڵی (٣٣٥ك/٩٤٦ز) له میافارقین لەدایك بووه ، وتار بێژی میافارقین بووه ، ئەم زانایە جگە لە وتار بێژی لەگەڵێك بواری تری شیعر و پەخشان و ئەدەب لێهاتوو بووه [١٤٠] ، پاشان ڕوو دەکاتە شاری حلب و لەوێ دەبێتە وتاربێژ و ناوبانگی زیاتر پەیدا دەکات به وتارە پرجۆش و خرۆشەکانی ناو بانگی دەرکردبوو بۆیە بە ( خطیب الخطباء) ناوبانگی دەرکردبوو [١٤١]، ناوبراو له ساڵی (٣٧٤ك/٩٨٤ز) هەر لە میافارقین کۆچی دوایی دەکات [١٤٢].

٢- عثمان الخلاطي

ناوی (شمس الدین محمد بن احمد بن عیمان الخلاطي) یە [١٤٣] ، له ساڵی (٦٤٤ك/ ١٢٦٤ز) له خلاط له دایك بووه ، هەر لە سەرەتاوە لای باوکی دەستی بە خوێندنی زانستی ( فقه و نحو فەرمووودەناسی) کردووه ، پاشان بەگەشتێکی زانستی دەچێتە وڵاتی شام و مصر و لەوێشدا لای چەندین زانای ئەو سەردەمە وانەی دەخوێنێت ، دواجار دەبێتە یەکێك لە وتاربێژە سەرکەوتوەکان ، پاش مصر دەسەڵاتداران وتاربێژی شاری دمشقی پێ دەسپێرن لەبەر ئەوە زۆر جار بە (الدمشق)ی یش دەناسرێت[١٤٤] .

ناوبراو بەهۆی ڕەوشت بەرزی و ئەخلاقە جوانەکەی و زۆری پەرستشەکەی بەیەکێك لە پیاوە چاکەکانی سەردەمی خۆی دەناسرا، ، ئەوە جگە لەوەی بە بەیەکێك لە پێشەوایانی شافیعی هەژمار دەکرا ، بۆیە زۆرجار نازناوی (الشافعی)یش لێنراوه [١٤٥] ،ئەم زانایە لە ساڵی (٧٠٦ك/١٣٠٧ز) هەر لە دمشق کۆچی دوایی دەکات [١٤٦] .

**دووەم: چەند زانستیکی تر :**

**أ : زانستی فەلسەفە:**

زانستی فەلسەفە و فیکری فەلسەفی لە مێژووی ئیسلامیدا ، زانستێکی تا ڕادەیك نوێ بووه ، له دوای بزوتنەوەی وەرگێڕان سەری هەڵداوە ، بۆیە زۆرێك لە زانا ئیسلامییەکان هاتنە مەیدانی ئەم زانستە و ڕێو ڕێچکەی زانا یۆنانییەکانیان وەرگرت و ئەم زانستەیان تێکەڵ بە فیکر و بیروباوەڕی ئیسلامی کردووە، بەم هەنگاوەشیان هەم فەلسەفەی یۆنانی پاراست و هەمیش زیندویان کردەوە ، پاشان جۆرێکی تر لە دیدگای نوێ سەبارەت بە فەلسەفە هاتە بوون ، کە دواجار دووبارە خۆراواییەکان سوودیان لەم نوێ بوونەوەیەی فەلسەفە وەرگرتەوە کە زانایانی ئیسلامی بەهەرمیان هێنا بوو.

بەڵام بەو پێیەی فەلسەفە بریتیە لە بیرکردنەوە بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامی ڕاستییەکان ، بەتایبەت بیرکردنەوە لەو شتانەی کە لە دەرەوەی توانا و ویستی مرۆڤن ، بۆیە ئەم جۆرە تێڕامان و بیرکردنەوانەش زۆرجار لەگەڵ هەندێك بنەمای ئاینی دژ بەیەك دەوەستنەوە .

بەتایبەت هەندێك گوفتار و بیرکردنەوە لە چۆنییەتی دروستبوونی دونیا و ، چۆنییەتی دابەزینی وەحی و کارو کاردانەوەکانی مرۆڤ لە چییەوە سەریان هەڵداوە ، چۆن مرۆڤ بەرپرسە لەو کارانەی کە بەڕوویدا هەڵدێنەوە.

بۆیە زۆرجار کارکردن لە مەجالی فەلسەفەدا لە شارستانیەتی ئیسلامی پانتاییەکی کەمی هەبووە ، زاناکانی ئەم بوارە بەبەراورد لەگەڵ زانستەکانی دیکە ژمارەیان زۆر کەمە و لەم نێوەندەشدا زانایانی کوردیش پشکی خۆیان هەبووە ، لە دیارترینیان :

١-ابن الصائغ :

ناوی تەواوی( محمد بن محمد بن المجلی الجزری )ە ، کە بە (ابو الولید) ناسرا بوو [١٤٧]، لە شاری جزیرە لە دایك بووە ، جگە لەبواری فەلسەفە لەگەڵك بواری تری وەك(ئەدب و شیعرو ،پزیشکیدا) شارەزایی تەواوی هەبووە ، وەك ابن ابی اصیبعە دەڵێت : ((كَانَ طَبِيبا مَشْهُورا وعالما مَذْكُورا حسن المعالجة جيد التَّدْبِير وافر الْفضل فيلسوفا متميزا فِي علم الْأَدَب))[١٤٨].

